گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:https://doi.org/10.26750/z9p8m325

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/07/2025

ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/09/2025

ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# کاریگەری ڕەهەندی دەروونی لەسەر بونیادنانی کارەکتەر لە نمایشی شانۆییدا

**ئاوارە عبدالرحیم طە[1] – ابراهیم احمد سمۆ[2]**

awaradarbandy@gmail.com – dr.ibrahimsmo@gmail.cmm

[1+2]بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لەسەر بونیادنانی کارەکتەر لە نمایشی شانۆییدا) توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، تیشك دەخاتە سەر کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لەسەر بنیادنانی کارەکتەر، لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆ لەلای گریکەکانەوە تاکو ئەمرۆ، سەردەم دوای سەردەم شانۆ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، چەندین قوتابخانەو ئاراستە و ستایلی شانۆیی سەریهەڵداوە، هەمویان بەشێوەیەکی گشتی گرنگیان بەلایەنی دەرونی ئەکتەر داوە، بەتایبەتی لە قوتابخانەی ستانسلافسکی زۆر جەخت لەسەر ڕەهەندی دەرونی کارەکتەر کراوەتەوە و بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی کاری لەسەر کراوە. ڕەهەندە دەرونییەکانی کارەکتەری شانۆیی لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بونیادنان لە چوارچێوەی نمایشێکی شانۆیدا هەیە، چونکە قوڵی و ڕاستی بە کارەکتەرەکە دەبەخشن، کە وا دەکات زیاتر قەناعەت پێبکات و لە وەرگرەوە نزیکتر بێت. توێژەر پێیوایە ڕەهەندە دەرونییەکان ئەو پاڵنەرانە دیاری دەکەن، کە کارەکتەرێک دەجوڵێنن، وەک ترس، تەماح، ئیرەیی، یان هەستکردن بە کەمتەرخەمی، ئەم پاڵنەرانە لە ڕەفتار و کردارەکانی کارەکتەردا لە کاتی ڕوداوە شانۆییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. هەروەها ڕەهەندی دەروناسی ململانێی ناوخۆیی لەناو کارەکتەردا دروستدەکات، وەک دودڵی لە نێوان ئارەزو و ئەرکدا یان لە نێوان خۆشەویستی و ڕق و کینەدا، ئەمەش واقیعی زیاتر دەکات و کارەکتەرەکە واقیعبینتر دەکات، کەواتە باری دەرونی کاریگەری لەسەر هەست و کاردانەوەکان هەیە، وەک قسەکردن، خێرایی جوڵە و تەنانەت دەربڕینی دەموچاو، ئەمەش وا دەکات نمایشی ئەکتەرێک وردتربێت. دەرهێنەر و ئەکتەرەکان سودمەند دەبن لە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە دەرونییەکان، بۆ ئەوەی تێبگەن کە کارەکتەرێک چۆن بیردەکاتەوە و چی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕەفتار بکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بونیادنانی نمایشێکی هەمەلایەنە و قەناعەتپێکەر.

**وشە سەرەکییەکان:** کاریگەری، ڕەهەندی دەرونی، بونیادنان، کارەکتەر، نمایشی شانۆیی.

# The Influence of Psychological Dimensions on Character Formation in Theatrical Performance

**Awara Abdulrahim Taha[1] –Ibrahim Ahmed Smo[2]**

[1+2]Department of Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study titled "The Influence of Psychological Dimensions on Character Formation in Theatrical Performance" is a descriptive analytical study that focuses on the effect of the psychological dimension of the actor. From the beginning of the emergence of the art of theater by the Greeks until today ،the theater has developed from time to time. Many schools ،trends and styles of theater have emerged ،all of which have paid attention to the psychological aspect of the actor in general ،especially in the Stanislavsky school. Theory and practice have been worked on. This study consists of four parts: the first part consists of research methods and the second part consists of research theory. The psychological dimensions of a theatrical character are among the most significant factors influencing the process of construction within a theatrical performance, as they provide depth and authenticity, thereby enhancing the character's credibility and closeness to the audience. The researcher believes that psychological factors such as fear, greed, envy, or feelings of inadequacy determine the motives that drive a character, as reflected in their behavior and actions during theatrical events.

Moreover, the psychological aspect creates internal conflicts within the character, such as the tension between desire and duty or between love and hatred, which adds greater realism and makes the character more believable. The psychological state also influences emotions and reactions, such as speech, movement speed, and even facial expressions, all of which improve the precision of the actor's performance. Directors and actors also benefit from studying these psychological dimensions, as it helps them understand how a character thinks and what motivates their behavior, thereby contributing to the creation of a multidimensional and convincing performance.

**Keywords:** Influence, Psychological Dimension, Construction, Character, Theatrical Performance.

## پێشەکی:

لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا چەند ئاراستەیەکی جیهانی دروستبون، کە ئامانج لێیان پەروەردەکردن و دروستکردنی ئەکتەر بو، لەناو ڕێبازە ئەدەبییەکان بە تایبەتیش ڕێبازی واقیعی و سروشتی گرنگی و بایەخی زۆری دەدا بە ڕەهەندەکان لە نێویشیاندا ڕەهەندی دەرونی، چونکە تا (بعد) ڕەهەند بۆ ئەکتەر دیارینەکرێت، ناتوانێت بە باشی بچێتە نێو ڕۆڵەکەی و کارلێك بکات و بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی نمایشی شانۆیی و تەنانەت بۆ حاڵەتی تەقەموسیش. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕەهەندی دەرونی هەبێت؟ چ کاریگەریەکی باش و جوان جێدێڵێت لەدوای خۆی؟ ئەی ئەگەر پەیڕەوی ئەم ڕەهەندە نەکرێت، چ کاریگەریەکی خراپی دەبێت؟ لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگی و کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لەسەر تەواوی کارەکتەرەکانی نێو نمایشی شانۆیی، چونکە دەکرێت بڵێین کارەکتەر لەنێو نمایشی شانۆی کوردی بە تەواوی بارگاوی نەکراوە بەلایەنی سایکۆلۆژی و ڕەهەندی دەرونی، بۆیە کارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەم ڕەهەندە، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی و جەستەیی ئەکتەر تا بتوانێت باشترو جوانتر بچێتە نێو ڕۆڵەکەی ونواندن(ئاکتین)بکات.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### یەکەم: گرفتی توێژینەوە

لە هونەری نواندندا ڕەهەندی دەرونی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لەسەر جوڵاندنی هەستەکانی ئەکتەر، ئەکتەر کاتێك لەسەر تەختەی شانۆ بە دەنگ و دەربڕین و جوڵاندنی جەستەی نواندن دەکات پێویستە بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەری بکات، هەوڵبدات لە ناخەوە بچێتە ناو دەورەکەی بۆ ئەوەی بڕوا بە بینەران بهێنێت کە ڕۆڵی کەسایەتی (پاشا) یان (دەرگەوان) یان (تاوانبار) یان هەر کەسایەتییەك لەخۆیدەگرێت. زانستی دەروونناسی دەتوانێت کارەکتەری  ئەکتەر لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری بەدەربخات، ئەمەش وای لێدەکات بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و لێی تێبگات و هونەر و نمایشەکەی بۆ ئاستێکی بەرزتر بەرزبکاتەوە، هەروەها وای لێدەکات پاڵنەرە غەریزییەکان بۆ نواندن ڕونبکاتەوە و باسی شێوازی گواستنەوەی هەستەکان لە ئەکتەرەوە بۆ بینەر بکات و نهێنی ناساندن لەگەڵ کارەکتەر و بەهێزی بونی ئەو کەسە ڕون بکاتەوە، هەروەها دەروونناسی دەتوانێت باسی ئەو کەسانە بکات کە سەرنجیان بۆ نواندن و هۆکاری مەیلیان بۆ ئەم هونەرە هەیە، هەروەها باس لەو فشارە تایبەتانە دەکات کە ئەکتەرێک ڕوبەڕوی دەبێتەوە و هۆکارەکانی ترس و دڵەڕاوکێی کاتی نواندن نەهێڵێت. ئایا جیاوازی لە نێوان ئەکتەر و کارەکتەر هەیە؟ بۆ زانینی زانینی ئەم بابەتە، بەڵێ جیاوازی هەیە، چونکە ئەکتەر پێویستە خۆی ڕابێنێت دەوری هەمو کارەکتەرێك ببینێت وەکو کارەکتەری تراژیدیا یان کۆمیدیا ئەم نواندنەش لە ڕێگەی کاریگەرییەکانی  هەمو ڕەهەندەکان بەتایبەتی ڕەهەندی دەرونی بەرجەست دەبێت، هەر بۆیە پێویستە سەرجەم ئەکتەرانی شانۆ گرنگیەکی تەواو بە ڕەهەندی دەرونی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر بنەمایەکی زانستی و دەرونی و هونەری ئیستاتیکی لەسەر شانۆ نواندن بکەن. لە میانی گرفتی توێژینەوەدا دەپرسین؟ بۆچی دەرهێنەران و ئەکتەران وەك پێویست کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لە نمایشی شانۆییدا پیشان نادەن و ڕونناکەنەوە؟

### دوەم: گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ ئەم لایەن و کەسانەی خوارەوە:

1- ناوەندەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە.

2- دەرهێنەر و ئەکتەران و تەکنیککاران لە بواری شانۆ و سینەما و دراما.

3- ناونده هونەرییەکان (پەیمانگە، کۆلێژ، گروپ و تیپە شانۆییەکان).
4- نوسەر و توێژەر و ڕەخنەگرانی شانۆ.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدەر دەکەون:
١ – ئایە ڕەهەندی دەرونی، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت بۆ چونە ناو دەوری ئەکتەر؟
٢- چۆن ڕەهەندی دەرونی، کاریگەری تەواو دەبینێت، لە خولقاندنی کەش و هەوای درامی لە نمایشی شانۆییدا؟
٣ – دەکرێت بڵێین ڕەهەندی دەرونی پەیوەندی ڕوحی و فیزیکی لە نێوان ئەکتەرەکانی سەر شانۆ ڕێکدەخات؟
4- ڕەهەندی دەرونی بەشداری دەکات لە گەرم و گوڕکردنی ڕوداو ڕیتم و ململانێ و بونیاتی درامی لە نمایشی شانۆییدا؟
5- ڕەهەندی دەرونی چ پەیوەندییەك لە نێوان ئەکتەر و سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا دروست دەکات بەشێوەیەکی دەرونی و هونەری و ئیستاتیکی؟
6- ڕەهەندی دەرونی چۆن هەست و سۆزی بینەر ڕادەکێشێت بۆ لای ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا؟

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە.

**سنوری توێژینەوەکە**

چوارچێوەی بابەتی: کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لەسەر بونیادی درامی کارەکتەر لە نمایشی شانۆییدا.
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی سینەما و شانۆ، شانۆگەری (تروسکایەك لە تەم) لە ڕێکەوتی 15/11 /2022 لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر ئەم شانۆگەرییەی نمایشکردوە.

**بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**تەوەری یەکەم: کاریگەری ڕەهەندی دەرونی لە بونیادنان و گەشەکردنی کارەکتەری شانۆیی**

ڕەهەندی دەرونی بە یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکان دادەنرێت کە بەشدارە لە بونیادنانی کارەکتەری دراماتیکی قوڵ و قەناعەتپێکەر، هەروەها کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کارلێکی بینەر لەگەڵ کارە شانۆییەکان هەیە. گرنگترین ڕەهەند و دەروازەی لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی تری کارەکتەری شانۆییە، چونکە یەکەم ناوەندی بەرکەوتنە لەگەڵ کارەکتەر، کە لێیەوە دەتوانرێت کاریگەریی باقی ڕەهەندەکان دەربکەوێت (الحنیف، 1238هج، 43). لە زمانی کوردیدا (دەروناسی) و (دەرونزانی) بەکاردەهێندرێت، هەردو زاراوەکەش ئەوە دەگەینێت کە شارەزابونە لە شتە شاراوەکانی دەرون یاخود زانینی زانیارییە لەسەر ڕەفتار. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (علم النفس) بە واتای زانستی دەرون واتا زانینی شتە شاراوەکانی دەرون دەگەینێت، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەکە (psychology) بەکاردێت، ئەمیش لە دو وشە پێکهاتوە (psycgo) بە واتای دەرون هاتوە (logy) بە واتای زانست دێت پێکەوە بە واتای زانستی دەرون یان دەرونزانی دەگەینێت (عیسا، 2008، 3). ڕەهەندی دەرونی میحوەرێکی سەرەکی کارەکتەرە، چونکە کۆنترۆڵی جوڵە سەرەکییەکانی ئەوکردارانەی هەیە کە کارەکتەر لەناو نمایشدا ئەنجامی دەدات، بەو پێیەی کارەکتەر ئەو ڕەهەندە دەرونیانەی کە هەڵیدەگرن، نەخشەی ڕوداو پێشهاتەکان دیاری دەکەن بە ڕێژەیەکی بەرچاو، چونکە کارەکتەر پێکهاتەیەکە لە تێگەیشتن، بیرکردنەوە، هەست و ڕەفتار، کە پێدەچێت ناسنامەی جیاوازی خۆیان بە مرۆڤەکان ببەخشن (نجم، 2020، 180).

پێویستی لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی دەرونی کارەکتەری شانۆگەری، وەک چۆن لە زۆربەی ئاراستە دراماتیکەکاندا بوەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ دروستکردنی زنجیرەیەک ڕوداو کە ئێمە خەیاڵی دەکەین لە ڕێگەی ڕەفتاری کارەکتەرەوە. کاتێک کارەکتەری شانۆیی لەسەر پاڵنەرە دەرونییە ڕون و ئاڵۆزەکان بنیاتبنرێت، زیاتر واقیعی و قەناعەتبەخشتر دەبێت. ئەوە لایەنی دەرونی کەسایەتییە کە ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕێژەیی کەسایەتییە و لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە نوسەر حەزی لە وێناکردنی کارەکتەرە لە ڕوی هەست و سۆز و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پرسەکانی دەوروبەری، واتە ئەو کارەکتەرەی ئەم ئەرکە دەرونیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە بونە ناوخۆییەکانی کارەکتەرەوە هەیە لە ڕوی بیرکردنەوە و هەستەکانی (شربیط، 2015، 35). ئەم ڕەهەندە بۆ ئێمە دیاری دەکات کە تا چەند غەریزەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری کارەکتەر هەیە، جا سۆزداری بن یان ڕق و کینە، نوسەر لە ڕێگەی ئەم غەریزانەوە لێکۆڵینەوە لەو "هەست و گۆڕانکارییە دەرونییانە" دەکات کە لە کاتی کارەکانیدا لەناو ڕۆمان، شانۆنامە، یان چیرۆکدا هەیە (بحراوي، 2009، 11). سەبارەت بە ڕەهەندی دەرونیش، ئەوە ڕەفتاری کارەکتەری شانۆییە کە جوڵەو ئاماژەی دەرونی لەخۆدەگرێت، کە پشت بە تایبەتمەندییە دەرونییەکان دەبەستێت لە ڕێگەی کرداری دراماتیکیی کارەکتەر لە درامای شانۆییدا، کە بەپێی میکانیزمێک کاردەکات بەهۆی ئەو کردارانەی کە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن (مستەفا، 2004، 17). هەرچەندە سەرچاوەیەکی بەرفراوان و دەوڵەمەند هەیە سەبارەت بە ڕێباز و گەشەکردنی کارەکتەر، بەڵام ناتوانرێت زانیارییەکی زۆر ورد سەبارەت بە بابەتە دەروناسیەکان بدرێت، لە کاتی پشکنینی بابەتەکانی دەروناسیدا، لە شانۆدا تیۆری چوار میزاج و تیۆری فرۆید و تیۆرییەکانی یۆنگ زیاتر لە بابەتەکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، سێ لەوانە کاری بەرچاویان هەیە بۆ ڕونکردنەوە وردەکانیان بۆ جۆرە جیاوازەکانی کارەکتەر، هەرچەندە دەروناسی مۆدێرن زۆربەی ئایدیاکانی فرۆید ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەو کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە هونەری شانۆ(57، Fierro ،2021)، (82، Benjamin ،2023). کارەکتەری شانۆیی ئەو کەسەیە کە بە زمان و جەستە لەسەر شانۆ دەجوڵێت، پەیوەندییە دەرەکییەکانی کە بە کارەکتەرەکانی دیکەی کارە شانۆییەکانەوە دەیبەستنەوە، لە کاری دراماتیکدا لەسەر سێ میحوەری بنەڕەتی، کە یەکەمیان میحوەری دەرونییە، ئەوەی پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە کە نوسەر کارەکتەری تێدا وێنا دەکات، لەوێشەوە تایبەتمەندییەکانی ئەم یان ئەو کارەکتەرە دەرئەنجامی ئەو بارە دەرونییەیە، لە کاتێکدا دو میحوەرەکەی تر کە دوەم و سێیەمن، دەرئەنجامێکی حەتمی میحوەری یەکەمن و تەواوکەری ئەون و ئەوان میحوەری زمانی و... کۆمەڵایەتین، ئەم میحوەرانە دەبێت یەکگرتو بن، چونکە وەک کێشەی سەرەکی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری شانۆیی دەمێننەوە (عباس، 2011، 51-52). کەواتە دەکرێ بڵێین: ڕەهەندی دەرونی کاریگەری و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کارێکتەرەکانی نێو نمایش، چونکە هۆکارە دەرونییەکان کاریگەریان لەسەر باشی جەستەیی و تێگەیشتن لە شێواز و پاڵنەرەکانی فێربون هەیە، پاشان لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕەهەندی دەرونییەوە بینەر هەستەکانی دڵتەنگ یان دڵخۆش، تورە، نەرم و نیان، دەمارگیر، ترسنۆک یان ئازا، دەناسێتەوە، بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ڕەهەندی دەرونییەوە، هەمو کارەکتەرێك ئارەزوی پێشکەوتنی هەیە بۆ پیشەیەکی ئەکادیمی پڕ لە داهێنان و درەوشاوەیی بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵەکە بەرجەستە بکات و ئەفراندن بخولقێنێت.

## تەوەری دوەم: میکانیزمی سایکۆدینامیك لە ڕەهەندی دەرونی کارەکتەر

میکانیزمی سایکۆدینامیك لە ڕەهەندی دەرونی کارەکتەردا ئاماژەن بۆ ئەو پرۆسە دەرونییە نائاگایانەی کە تاک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ ناوخۆییەکان، فشاری دەرونی و دڵەڕاوکێ بەکاریدەهێنێت و بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی دەرونی تاک، ئەم میکانیزمانە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبون و پەرەسەندنی کارەکتەر پێویستن و زۆرجار پەیوەستن

بە تیۆرییە دەرونشیکارییەکان، بەتایبەتی تیۆری سیگمۆند فرۆید و گەشەسەندنەکانی. لێکۆڵینەوە دەرونییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە وشەی (کارەکتەر) لە بنەچەی لاتینییەوە وەرگیراوە بە واتای ئەو دەمامکە کە ئەکتەر لە سەردەمی کۆندا بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی خۆی لەسەر شانۆ لەبەری کردوە، هەندێک لە دەروونناسەکان ئەم چەمکەیان گرتۆتەبەر، کارەکتەر بە ڕواڵەتی دەرەوەی تاک دەزانن، وەک لە ڕەفتاری ڕواڵەتیدا نیشان دەدرێت (حنا، 1990، 9). بۆیە زانایان لە ڕێگەی چەند پێناسەیەکەوە سەرنجیان خستەسەر ئەو ڕاستییەی کە کارەکتەر ئاماژەیە بۆ هێمای لایەنە دەرەکییەکان، بینراوەکان کە ئەوانی دیکە دەتوانن ببینن(دوان، 1983، 14). بۆ نمونە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو پێناسانەی کە مەیلیان بەرەو ڕێبازێکی چەندایەتی هەیە سەبارەت بە پرسی ئاراستەکردن بەرەو پێناسەیەکی (کارەکتەر) کارەکتەر وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی تاکەکەسی لە فۆڕمی خۆیاندا پێناسە دەکەن. لە کاتێکدا پێناسەکان بە دیدێکی یەکگرتووەوە لە ڕوانگەیەکی ڕێکخراوەیی و کارلێککارانەوە سەیری کەسایەتی دەکەن. ڕەوتی سێیەم هەیە کە لە ڕوانگەیەکی میکانیکییەوە دەستپێدەکات کە کارەکتەر بەو ڕێکخستنە دینامیکی و ئۆتۆماتیکییە پێناسە دەکات کە لەناو تاکدایە و سیستەمی دەرونی و هەستیاری ڕێکدەخات و سیستێمی دەرونی خۆی بۆ تاک دیاری دەکات لە گونجاندن لەگەڵ ژینگەکەیدا (حسین، 1981، 44). هەندێکی تریش سەرنجیان خستە سەر گرنگی پێکهاتن و ڕێکخستن لە پێناسەکردنی کارەکتەردا، تا ئەو کاتەی بینیان کە کەسایەتی هیچ نییە جگە لە ڕێکخستنی تا ڕادەیەک جێگیر لە دروستبونی تاک، سیفەتە میزاجییەکان، زیرەکی و سیفەتە جەستەییەکان، کە بە تێکەڵبونیان پێکەوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ژینگەدا دیاریدەکرێن (حنا، سەرچاوەی پێشو، 11). بە هەمان ئاراستە کە لە پێناسەکانی پێشودا ئاماژەمان پێدا سەبارەت بەو تایبەتمەندییەی کە هەمو ئەم پێناسانە هاوبەشیان کردوە - مەبەستم پرسی ڕەچاوکردنی ڕواڵەتی دەرەکییە لە پێناسەکەدا. بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک لە زاناکان کەسایەتی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: کۆی ئەو تایبەتمەندییە جەستەیی و دەرونی و میزاجی و ئەخلاقیانەی کە بە ڕونی مرۆڤ لە کەسانی دیکە جیادەکەنەوە (عزت، 1966، 473). هەمو ئەو پێناسەیانەی باسکران، وێنەی تەواوەتی چەمکی کەسایەتی نەبون کە سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) هەوڵی سەلماندنی داوە لە لێکۆڵینەوە دەرونییەکانیدا و بۆی دەرکەوتوە، کە پێویستە لە لێکۆڵینەوە دەرونییە زانستییەکاندا تەرکیز لەسەری بێت، بۆیە دەبینین لە شیکارییە دەرونییەکانیدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر قۆناغەکانی یەکگرتنی دەرونی کەسایەتی و ئاراستەکردنی چارەنوسی، لە ڕێگەی ئەدای هەستیاری کەسایەتییەوە ئاسایش و ئاسودەیی دەرونی و لابردنی ترسەکان، هێورکردنەوەی دڵەڕاوکێ و گەڕاندنەوەی متمانەبەخۆت، بە کەسانی دیکە لە ژیان و بە مانا بەرزەکاندا یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی کارەکتەر بۆ تاکێکی یەکگرتو لە ژیانی خێزانەکەیدا (فخری، 1980، 48). ئەمەش بە دروستکردنی هاوسەنگی لە کەسایەتی تاکدا بە گەڕان بە قوڵایی ململانێ دەرونییە نائاگاکان ئەنجام دەدرێت (علی، 1983، 499).

کەواتە میکانیزمە سایکۆداینامیکییەکان ئەوان وەڵامە دەرونییە نائاگاکانن، کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە بەرامبەر هەست یان بیرکردنەوە قبوڵنەکراوەکان یان تێکدەرەکان، یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی هاوسەنگی کەسی. زانراوە کە ڕەهەندی دەرونی لە چەمکی فرۆیددا بە بەشێکی ناوەندی و جەوهەری دەرونی مرۆڤ و نائاگایی سەرکوتکراوی کارەکتەر لەگەڵ ئارەزوەکانی کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە، لە هەمو کاتێکدا ئامادەن بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان بۆ دەربڕین بکەنەوە ئەگەر دەرفەتێک لەبەردەستیاندا بێت (فرۆید، 1969، 91). نائاگایی زۆر گەورەترە لە ناوەڕۆکەکەی و کاریگەرییەکی بەهێزتری هەیە لە دیاریکردنی ڕەفتاری کارەکتەردا، بەو پێیەی نائاگایی بەشی خوارەوەیە، پڕە لە زانیاری و دیدی جیاواز، کە پێکهاتەی دەرونی کارەکتەر لەسەری بنیاتنراوە، هەروەها شوێنی غەریزە و جۆرە جیاوازەکانی ئارەزو و یادەوەرییە کە بەشێوەیەک سەرکوتکراون کە زۆر توندوتیژ بێت بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت بچێتە ناو کایەی ئاگایی یان

ئەو توخمانەی لەخۆدەگرێت، عەقڵی هۆشیار هیچی تر ناکات جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان. ئەم هێزانە جگە لە ئەو سیستەمەی کە نوێنەرایەتی هەمو لایەنەکانی ژیانی دەرونی مرۆڤ دەکەن (ئەو، من، منی باڵا) هیچی تر نین (هنترمید، 1969، 349). ئەم سیستەمە جگە لە هێزە بزوێنەرەکانی پشت ڕەفتاری کارەکتەر هیچی تر نین. (پیراندێلۆ) سودی لە تێبینییە دەرونییەکەی فرۆید وەرگرت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شانۆیی مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەدا بکات کە ناوی لێنابو (خودی قوڵی ناو کارەکتەر) کە لە جوڵەی بەردەوامدایە، زیاتر لە ڕشاندنی شەپۆلی دەرونییە کە وەهمی سەقامگیری دەبەخشێت و ئەم خودەش ئارەزوی سەرکوتکراو و غەریزە و هێزی نەناسراوی نهێنی لەخۆدەگرێت (ئیلیا، 1980، 165). ئەم غەریزە و خواستانەی کەسایەتی لە یەکێک لەو سێ هێزەدا جێگیرن، بۆ نمونە (ئەو)هیچ نییە جگە لەو ژێر سیستەمە کە هەمو شتێک لەخۆدەگرێت کە غەریزەییە و بەپێی بنەمای چێژ پێویستی بە ڕەزامەندی هەیە (حنا، 1990،17). ئەم سیستەمە پێکهاتەیەکی تەنیا خۆپەرستانەیە، کە بە هیچ هۆکارێک بەرگەی دواخستن یان دواکەوتنی ڕەزامەندی ناگرێت و ئەو دەفرەیە پڕە لە وروژاندنی زۆر گەرم (دوان، 1983،34). مەبەست لە پرەنسیپی چێژ دورکەوتنەوەیە لە ئازار، چونکە سروشت مرۆڤی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی دو هەستی ڕەها، ئازار و چێژ... ئەوان کۆنترۆڵی هەمو شتێک دەکەن کە کارەکتەر دەیکات و هیچ هەوڵێک نادرێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ملکەچبونیان بۆیان تەنها بە سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەم ملکەچبونە نەبێت (هنترمید، 1969،285).

بۆ ئەم بەشە نهێنی و داخراوەی کارەکتەر، ئەو بێ ئاگایە لە چاکە و خراپە و ئەخلاق، بەڵام لە ژێر کاریگەری جیهانی دەرەکی ڕاستەقینەی دەوروبەری کارەکتەرەکەدا، گۆڕانکارییەکی تایبەت لە بەشێک لە (ئەو)دا ڕودەدات (فیصل، 1995،360-361). ). ئەم بەشەی ژیانی کەسایەتی دەرونی پێی دەوترێت (من) کە ئەرکە کارگێڕییەکان بە حیکمەت و هاوسەنگی و گونجاندنێکی تەواو لەگەڵ بنەمای واقیعدا ئەنجام دەدات لەبری بنەمای چێژ واقیع، واتە ئەوەی ڕودەدات و ئامانجی بنەمای واقیع وازهێنانە لە وزە بۆ تێرکردنی بابەتی ڕاستەقینەی ئەو پێویستییەی کە دۆزراوەتەوە یان بەدەستهاتوە (کالفن، 1988،54). دەتوانرێت بە (من) بە هەستی عەقڵانی کەسایەتی ناوزەد بکرێت، ئامانجەکەی ڕێگریکردن لە پاڵنەرەکانی (من) نییە، بەڵکو یارمەتیدانی ئیگۆیە بۆ بەدەستهێنانی کەمکردنەوەی پێویستی گرژی... خاوەنی هۆشیارییە لە واقیع، و توانای هەستکردن و دەستکاریکردنی ژینگەی کارەکتەری هەیە بەشێوەیەکی پراکتیکی، بەپێی ئەوەی فرۆید پێیدەڵێت واقیع کاردەکات (شلتز، 1983، 35). کار بۆ ئاشتکردنەوەی داواکارییە ئیحراجییەکان لەگەڵ واقیعدا دەکات و بۆ ئەوەی ئەمە ڕوبدات، ئیگۆ ئاماژەیە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە ئەم ئاشتەواییە بەدەستدەهێنێت، کە دەسەڵاتی ئەو (سوپێریگۆ)ەیە کە ئێمە بە دەرکەوتنی هۆشیارانەی ناوی دەبەین "ویژدان" فرۆید بەم شێوەیە سەیری سوپەرئیگۆ دەکات: دەنگی کۆمەڵگا لە فۆرمی گشتی خۆیدا ئەم سوپەرئیگۆیە ستەمکارە، پابەندە بەو شتەی کە دەبێت بێت بە شێوەیەک، داواکارییەکان کە کەمتر نین لەوانەی کە دەیسەپێنێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دژایەتی داواکارییەکانی ئیگۆ دەکات، بە تایبەت بەهێزترین و بەپەلەترین داواکارییەکانی، وەک ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕەزامەندی سێکسییەوە هەیە کە بە سنور سنوردار نەکراون(هنترمید، 1969، 390).

ئەم سیستەمە لە سیستەمی کەسایەتیدا بریتییە لە لایەنی ئەخلاقی و یاسایی و نوێنەرایەتی لایەنی ئایدیاڵ دەکات نەک لایەنی واقیعی... و خودی باڵا، وەک سەرکوتێکی ناوخۆیی ڕێگەپێدان و نافەرمانی و ئاژاوەگێڕی، وا دەکات تاک ببێتە کەسێک کە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا یاسا دەپارێزێت و ڕەچاوی بکات(کالفن، 1988، 32-37). پەیوەندی بە بەها و ئایدیاڵ و یاسا و ئایین و ئەخلاق و هتدەوە هەیە، لە چەمکە هەڵمژراوەکانەوە لە دایک و باوکەوە دەستپێدەکات و بە دامەزراوە یاسایی و ئایینییەکان کۆتایی دێت و بە ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ماڵ و قوتابخانەدا

تێدەپەڕێت(حنا، 1990، 17). ئەم سیستەمە لەگەڵ ئەو دو سیستەمەدا، ئەو و من، لەسەر ئاستی نائاگایی کاردەکات کە لە پشت ڕەفتاری کارەکتەر و ململانێ دەرونییەکان وەستاوە، بەم شێوەیە ڕەهەندێکی دەرونی پێکدەهێنێت کە ناتوانرێت ببینرێت یان کۆنترۆڵ بکرێت و ئەم ململانێیانە ئەبەدیین، لە ئەنجامی لێکدانەوەکانی کارەکتەر بۆ ئەو کێشە دەرونیانەی کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە(شلتز، 1983، 78). ڕونکردنەوەکانی کەسایەتی بۆ ئەم کێشانە بەو ئەنجامە دەگەن کە شەڕێک لە نێوان سێ هێزە دەروناسییەکەدا دەگوزەرێت، کە پێکهاتوە لە ئیگۆ، ئەو ناوبژیوانە گەورەیەی کە هەوڵدەدات پێگەیەکی مامناوەند لە نێوان ئارەزو و ویژداندا بگرێتەبەر و کەسایەتییەکە، کە هێزەکانی یەکسانن و بە هاوکاری کاردەکەن، ئەمەش وا دەکات تاک بتوانێت کارلێکی جێگەی ڕەزامەندی و کارا لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات (هنترمید، 1969، 349-350). ئەو دیدە دەرونییەی فرۆید لە تیۆری دەرونشیکاری کەسایەتیدا پێشکەشی کردوە، لەگەڵ ئەو دیدگایانەدا یەکدەگرێتەوە کە دواتر قوتابخانەکانی دیکە هاتنە پێشەوە، بە تایبەت قوتابخانەی ڕەفتار دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە، زانای ڕەفتار جۆن واتسۆن (١٨٧٨-١٩٥٨)، کارەکتەری بەم شێوەیە پێناسەکردوە: ئەو برِە چالاکییانەی کە دەتوانرێت بە چاودێرییەکی ورد بۆ ماوەیەکی زۆر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی چاودێر بتوانێت زانیارییەکی ورد و نەگۆڕی خۆی بدات(حنا، 10،1990). بەهای هزری مەعریفی، بە پێوەرە ئابوری و ئایینی و کولتورییەکانییەوە، بەشدارە لە پێکهاتنی دەرونی کەسایەتی و کاریگەریی ئەم پێوەرانەش بەپێی میراتی هەژاری و نەرمی و گۆشەگیرییەکەی دەگۆڕێت، بێ گومان کولتورێکی نەرم و نیان و کراوە لە کەسایەتی تاکدا ئەرێنیترە لە کولتورێکی دابڕاو یان داخراودا(عماد، 2004، 33). دەتوانین بڵێین سایکۆداینامیك لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەهەندی دەرونی، ئەوە توانای تاک دیاری دەکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ژیان و کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی، هەروەها بەکارهێنانی نەرمونیان و تاڕادەیەک هۆشیارانەی ئەم میکانیزمانە ئاماژەیە بۆ پێگەیشتنی کارەکتەر، لەکاتێکدا بەکارهێنانی زیادەڕۆیی یان نائاگا، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ تێکچونی دەرونی یان ناکۆکی ناوخۆیی چارەسەرنەکراو.

**تەوەری سێیەم: ڕەهەندی دەرونی کارەکتەری شانۆیی لە دیدی دەروناسان**

کارەکتەری شانۆیی، لە ڕوانگەی دەروناسەکانەوە، بە تێکەڵەیەکی ئاڵۆز لە تایبەتمەندییە دەرونی و ڕەفتارییەکان دادەنرێت کە ڕەنگدانەوەی سروشتی تاک لە چوارچێوەی نمایشی شانۆدا. دەروناسەکان ئارەزوی شیکردنەوەی کاراکتەری شانۆیی دەکەن لە چەند لایەنێکەوە، لەوانە ناسنامە، پاڵنەرەکان، کارلێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی دەرونیی نمایشی شانۆیی. کارەکتەری شانۆیی تەنیا خۆدزینەوە لە کارەکتەرە جیاوازەکان نییە، بەڵکو دیاردەیەکی دەرونی ئاڵۆزە کە شوناس و سۆز و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. لە ڕێگەی شانۆوە تاکەکان دەتوانن قوڵتر لە خۆیان و کەسانی دیکە تێبگەن، نمایشی شانۆیی دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ گەشەکردنی دەرونی و سۆزداری. چەمکی کارەکتەر بە یەکێک لە چەمکە ئاڵۆزەکان دادەنرێت لە دەروناسیدا، بەو پێیەی هەمو سیفەت و تایبەتمەندییە جەستەیی و دەرونی و سۆزدارییەکان لەخۆدەگرێت، لە کارلێککردن و تێکەڵبونیان لە تاکەدا کە کارلێک لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا دەکات (عباس، 1998، 7). کەواتە دەروناسەکان سەرنجی خۆیان دەدەن بە کارەکتەر، بۆیە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر کارەکتەرە، جا ئاسایی بێت یان نائاسایی، هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی کە لە ڕەفتاری مرۆڤدا دەردەکەون و ئەم وێنە ڕێکخراوە، یەکگرتوە، کە کارەکتەرە، کاتێک لە ئاوێنەی خوددا سەیری دەکەیت، بۆمان دەردەکەوێت کە خودێکە، کە کارەکتەرە خودیەکەیە و ئەوە هەستی کەسەکەیە بۆ خودی خۆی، واتە لە ئاوێنەی ئەوانی تردا شتێکە کارەکتەری بابەتییە، واتە ئەو کاریگەرییەیە کە دەرکەوتەکانی ڕەفتاری تاکەکەسی لەسەر چاودێران بەجێی دەهێڵن (رذیل، 1973، 34). لێرەدا ستانیسلاڤسکی چارەسەرێک بۆ ئەم دوفاقییە دەدۆزێتەوە بە دروستکردنی تەکنیکێک بۆ ڕاهێنان لەسەر خۆ

شیکردنەوە و لابردنی گرژی بە شێوەیەکی نائاگایانە، ستانیسلاڤسکی دەڵێت: ئەکتەر دەبێت لەناو مێشکیدا چاودێرێکی تایبەت یان چاودێرێک پەرەپێبدات، کە بتوانێت چاودێری هەر گرژییەکی دەمارگیری بکات، چ لە ژیانی ئاساییدا بێت یان لەسەر شانۆ، هەر کە دەرکەوت کار بۆ لابردنی دەکات (الحمامصي، 1994، 97-98). لە سەرچاوەی تری زانستی دەڵێن: کارەکتەر بریتییە لە کۆی سیفەتە جەستەیی و بۆماوەیی و دەرونییەکان، چ بۆماوەیی بێت یان بەدەستهێنراو، جگە لەو کۆمەڵە بەها و نەریت و دابونەریتە کە لە تاکدا هەن، بەو پێیەی ئەم پێکهاتانە لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن (السعو، 2016، 65). دەروونناسەکان دو لایەن بۆ کارەکتەر دیاری دەکەن: لایەنێکی خودیە و ئەوی دیکەیان بابەتییە، لایەنی خودی ئەوەیە کە تاک بە وتنی "من" دەریدەبڕێت، بەو هۆیەوە ئاماژە بە ژیانی دەرونی و مەعریفی و جەستەیی خۆی دەکات بەردەوام، سەبارەت بە لایەنی بابەتیی، پێکدێت لە کۆی ئەو کاردانەوە دەرونی و کۆمەڵایەتیانەی کە تاک ڕوبەڕوی ژینگەی خۆی دەبێتەوە و ئەو شێوازانەی کە ڕەفتارەکانی یارمەتی دەدەن (صليبا، 1982، 692). شانۆی فیکری شانۆی ئەبستراکت نییە وەک شانۆی ئەبستراکتی بێکێت و یۆنیسکۆ و هاوشێوەکانیان شانۆی فیکری لە بنیاتنانیدا، لە کێشانی کارەکتەرەکانیدا، لۆژیکی ئەو کارەکتەرانە و ئەو ڕوداوانەی تێیدا دەجوڵێن، نەریتییە، بەڵام توخمە جیاوازەکەی شانۆی فیکری ئەوەیە کە ئەوەی کارەکتەرەکان داگیردەکات، پرسێکی سۆزداری یان ململانێیەکی ماددی نییە، بەڵکو پرسێکی فیکرییە (الحكيم، 2007، 56). دەرونناسان کارەکتەر بە کۆمەڵێک شێوازی بەردەوامی بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتار پێناسە دەکەن کە تاک لە کەسانی دیکە جیادەکەنەوە و لە ژێر کاریگەری هۆکارە بۆماوەیی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکاندان، شێوازی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا لە قاڵب دەدات. گۆردۆن ئالپۆرت دەبینێت کە کارەکتەر بریتییە لە ڕێکخستنی دینامیکی ناو تاکی ئەو سیستەمە دەرونی-فیزیکیانەی کە کارەکتەری تایبەتی دیاری دەکەن، لە گونجانی لەگەڵ ژینگەکەیدا، یان تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی دیاری دەکەن، لە کاتێکدا پێناسەی گیلفۆرد بۆ کارەکتەر دەڵێت: کەسایەتی تاکەکەسی ئەو نەخشە ناوازەیە کە سیفەتەکانی تاکە کەسایەتییەکەی لێ دروست دەبێت چەمکی سیفەتەکە بەو شێوەیە پێناسەی کردوە کە کەسایەتی ئەوەیە کە پێشبینی بکەین کە چی دەکات کاتێک لە دۆخێکی دیاریکراودا دادەنرێت کارەکتەر پەیوەندی بە هەمو ڕەفتارێکەوە هەیە کە لەلایەن تاکەوە دەرچوە، جا چ ڕواڵەتییە یان شاراوە بێت ئەم پێناسەیە سەرنجی لەسەر بەهای پێشبینیکراوی چەمکی کەسایەتییە، ئایسنک بەو شێوەیە پێناسەی کردوە کە ڕێکخستنی سروشتی تاکە کەسەکە، میزاجەکەی و جەستەی خۆی دیاری دەکات، خۆگونجاندنێکی ناوازە لەگەڵ ژینگەکەیدا، ئەم پێناسەیە زۆر لەسەر چەمکی هەریەک لە سیستەم و پێکهاتە و ڕێکخستنەکە جەخت دەکاتەوە و جیاوازە لە بیرۆکەی جۆری ڕەفتارەکە (عبدالخالق، 1992، 39،40،41).

تۆفیق ئەلحەکیم لە هەڵبژاردنی ئەو پرسە گرنگانەی کە باسی دەکرد، تیۆری شانۆی دەرونی خۆی بەکارهێنا و زۆربەی کارەکتەرەکانیشی بە کارەکتەری ئەفسانەیی زاڵبون، هەرچەندە کارەکتەرەکانی بە دونیای ئەفسانە دور لە واقیع دەگەڕان، وەک: کارەکتەری ئۆدیب، کە نەیتوانی ڕزگاری بێت لەو دیاریکردنە توندەی کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە بەسەریدا سەپێنراوە، کارەکتەری میشێل ئەنجێلۆ و دو هاوەڵەکەی لە شانۆنامەی گەلی ئەشکەوتدا، کە لە ترسی ڕوبەڕوبونەوەی ژیان پێیان باشتر بو بگەڕێنەوە بۆ ئەشکەوتەکە(ابراهيم، 1997، 237). لە کاتێکدا هۆفستار جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی تیۆری کارەکتەر دولایەنەیە و دەڵێت: تیۆری کەسایەتی پێویستە چوارچێوەیەکی سیستماتیکی بۆ ڕێکخستنی جیاوازییە چاودێرکراوەکانی نێوان تاکەکان دابینبکات و مۆدێلێک دابینبکات کە ڕێگە بدات بە شیکردنەوەی جیاوازییەکانی ڕەفتاری تاک بەپێی بارودۆخەکان یان بوارەکانی ژیان (هوبر، 2001، 24). کارەکتەر بە بڕوای دەروونناسەکان، دو لایەنی

هەیە: یەکێکیان بابەتی و ئەوی دیکەیان خودی لایەنی خودی ئەوەیە کە تاک بە وتنی "من بەم شێوەیە ژیانی دەرونی، سۆزداری، مەعریفی، ئیرادەیی و جەستەیی خۆم وروژێنم، بەو مانایەی کە هۆشیاریی خود هۆشیارییەکی سەرەتایی نییە، بەڵکو بەڵگەکەی ئەوەیە کە منداڵەکە هەستی پێناکات هەستێکی ڕون بۆ کەسایەتییەکەی، نازانێت کە سەربەخۆیە لە جیهانی دەرەوە، چونکە کاتێک گەورە دەبێت جیاوازی دەکات لە نێوان جەستەی خۆی و ڕۆحیدا، مرۆڤ بەردەوام دەبێت لە ڕوتکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆی تا دەبێتە خودێکی سەربەخۆ کە بە یەکێتی و ناسنامە و کاریگەری و خۆبەخۆیی تایبەتمەندە". لایەنی بابەتیی پێکدێت لە کۆی ئەو کاردانەوە دەرونی و کۆمەڵایەتیانەی کە تاک ڕوبەڕوی ژینگەکەی دەبێتەوە، یان لەو شێوازانەی ڕەفتار کە یارمەتی دەدات خۆی بگونجێنێت بەپێی سروشتی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی (صليبا، 1984، 663). دەرونناسان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر کەسایەتی، گرنگی بەو هۆکارە جەستەیی و بۆماوەییانە دەدەن کە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی هەیە، گومانی تێدا نییە کە هۆکارە ژینگەییەکان کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر کەسایەتی هەیە یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانە ئەو سیستەمە کولتورییەیە کە تاک تێیدا دەژی، بە بەها و بیروباوەڕ و نەریت و دابونەریتی و سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە، بێگومان خێزان، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر دروستبون و گەشەسەندنی کەسایەتی تاک هەیە (فيصل، 1998، 8). بەشێوەیەکی سروشتی هەمو ئەم توانا دەرونی و دەرونیانەی کە کارەکتەر دەیخاتەڕو، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و گرژییەکی گەورە، بەو پێیەی هەندێک لە دەرونشیکارە لادەرەکان پێیان وایە کە هونەرمەندی نمایشکار زۆرجار کۆمەڵێک کەسی ناپێگەیشتو و نمایشکارن لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، کە هەرگیز گەورە نەبون، یان کۆمەڵێک نەخۆشی دەمارگیرن کە نوقم بون لە بەرنامەیەکی تایبەتی چارەسەری خۆدا (ویلسون، 2000, 315). دەرونناس ئێریک ئێریکسۆن پێیوایە ڕۆڵگێڕان یارمەتی دارشتنی ناسنامە دەدات، ئەمەش ڕێگە بە ئەکتەرەکان دەدات کە کەسایەتییە جیاوازەکان بگەڕێن و تێگەیشتنێکی قوڵتر لە خود و ئەوانی دیکە پەرەپێبدەن.بەگوێرەی تیۆری سیگمۆند فرۆید، نواندنی شانۆیی دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ تێرکردنی ئارەزوە شاراوەکان بە خۆنمایشکردن بەو کارەکتەرانەی کە گوزارشت لە سەرکوتکردنی نائاگایانە دەکەن. سەبارەت بە کارەکتەر لە شانۆ و چارەسەری دەرونیدا، بابەتێکی سەرنجراکێش و ئاڵۆزە، چونکە پەیوەندی نێوان شانۆ و چارەسەری دەرونی کۆن و قوڵە، و پەیوەستە بە تێگەیشتن لە دەرونی مرۆڤ لە ڕێگەی نواندن و دەربڕین و خۆدزینەوە. لێرەدا مەبەست لە پەیڕەوکردنی نواندنی شانۆیی دێت، پەیوەندییەکەی بە دەرونناسی و خۆپاراستن و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەرونییەکان، بێگومان ئەگەر هەبن، ئەم چەمکانە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ڕون دەبنەوە: ئایا ئەکتەر بە چونە ناو دەوری سەرکوت و ئاڵۆزییەکانی کارەکتەری شانۆیی پەنا بۆ سەرکوت و ئاڵۆزییەکانی خۆی دەبات؟ ئایا توشی نەخۆشییە دەرونییەکان و نەخۆشییە دەمارییەکان، شێتی دەبێت؟ یان بەختی هەیە؟ چونکە لە ڕێگەی هەستەکانی ئەو کارەکتەرەی کە نمایشی دەکات، هەستەکانی دەوروژێنێت، وەک خەم و بێزاری و بێهیوایی و دڵەڕاوکێ، بۆیە گوزارشتیان لێدەکات و دواتر ئازادیان دەکات، بەمەش چێژ لە هەندێک دڵنیایی و ئاسودەیی دەرونی وەردەگرێت (عباس، 2022، 137). ئەکتەر ئەمە بەتەنها لەڕێگەی قسەکردنەوە ناکات، بەڵکو بە ئەزمونکردنی کارەکتەرێکی تر بە گشتی، واتە لەڕێگەی قسەکردن، ئاماژە، جوڵە، کردار، هاوارکردن، گریان و پێکەنین. توانای دەرونی و هەست و جەستەی خۆی سەرقاڵ دەکات، ئەگەر بێگومان بە بەردەوامی ملکەچی مەرجەکانی میتۆدی ستانیسلاڤسکی بێت. پرۆسەیەکی هەمیشەیی و دوبارەبونەوەیە (عباس، 2022، 138).

بابەتی جوڵاندنی بەردەوامی ئاستی دەرونییە بۆ ئەوەی وەرگر لە هەر نمایشێکدا کارلێک لەگەڵ ئەم کەشوهەوای بارگاویەدا بکات، کە پڕە لە ساتەوەختە سۆزداری و دەرونییە چڕەکان. لێرەدا باڵادەست ئەو ئەکتەرەیە کە لەسەر بنەمای

بیرهێنانەوە و بەئاگاهاتنەوەی هەندێک هەست دروست دەکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هونەری نواندن بە بڕوای ستانیسلاڤسکی پەیوەستە بە ئەزمونی ئەکتەر و ژیانی ناوەوە و سۆزداری، تێکەڵ بە توانا خەیاڵی و دەرونییەکان (عباس، 2022، 138). لە چارەسەری دەرونیدا بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتار و هەست و پاڵنەرەکانی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتی دەکرێت. سروشتییە کە هەمو ئەم توانا دەرونی و دەرونیانەی کە ئەکتەر بەکاریدەهێنن، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و گرژییەکی گەورە، وەک چۆن هەندێک لە دەرونشیکارە پیشەگەرەکان پێیانوایە کە هونەرمەندی نمایشکار زۆرجار کۆمەڵێک کەسی ناپێگەیشتو و نمایشکارن لە ڕوی کۆمەلایەتییەوە، کە هەرگیز گەورە نەبون تا ئاستی گونجاو، یان کۆمەڵێک نەخۆشی دەمارگیرن کە لە بەرنامەیەکی تایبەتی چارەسەری خۆدا نوقم بون (ویلسون، 2000، 315). جلین ویلسۆن، دەروونناسێکی ئینگلیزی، توێژینەوەی دەرونشیکاریی ئەنجامدا کە ئەکتەر و غەیرە ئەکتەرەکانی بەراوردکرد، لەڕێگەی ئەو ئەنجامەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەکتەرەکان زیاتر دەرەوەگەرا و زیاتر مەیلیان بۆ سەرگەرمی هەیە. شەرانگێزن و بێتوانان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن. ئەوان بەدەست دڵەڕاوکێی ئەدای کارکردن و بەکارهێنانی کحولەوە دەناڵێنن (ویلسون، 2000، 340). لێرەدا ستانیسلاڤسکی چارەسەرێک بۆ ئەم دو فاقییە دەدۆزێتەوە بە دروستکردنی تەکنیکێک بۆ ڕاهێنان لە خۆشیکاریکردن و لابردنی گرژی بەشێوەیەکی نائاگا. ستانیسلاڤسکی دەڵێت، ئەکتەر دەبێت لەناو مێشکیدا چاودێرێک یان چاودێرێکی تایبەت پەرەپێبدات کە بتوانێت چاودێری هەر گرژییەکی دەمارگیری بکات، جا چ لە ژیانی ئاساییدا بێت یان لەسەر شانۆ. هەر کە دەرکەوت کار بۆ لابردنی دەکات (الحمامصي، 1994، 97). دەکرێت بڵێین شانۆ یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی کارەکتەری هونەری، هەروەها ئامادەکرنی کەشێکی فکری و ئاسودەیی بۆ وەرگر، تا بتوانێت دور بکەوێتەوە لە دۆخێکی ناتەندروستی دەرونی.

## بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

### کۆمەڵگەی توێژینەوە:

پاش بینین و خوێندنەوەیەکی وردی فکری و هونەریانە بۆ کۆمەڵێك بەرهەم و نمایشی شانۆیی، دواجار بڕیارماندا شانۆگەری (تروسکایەك لە تەم) کە لە ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان- هەولێر، نمایشکراوە، هەڵبژێرین، بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕەهەندە دەرونییەکانی کارەکتەر لە نمایشی شانۆیدا، بێگومان ئەمەش بە هزرو دیدێکی جوانناسانە.

### ئامرازەکانی توێژینەوە:

1-بینینی نمایشەکە ڕاستەوخۆ لە ڕابردو.

2- دوبارە سەیرکردنەوەی چەند جارێکی تر لە ڕێگەی ڤیدیۆ(CD).

3- ئەو لێکۆڵینەوە و وتار و نوسینە ڕەخنەییانەی لەسەر نمونەی توێژینەوەکان نوسراون.

4- وێنە و پرۆگرام و ئەرشیف و بەڵگەنامەکان.

5- بینینی چەند نمایشێکی تر پەیوەست بە سایکۆلۆژی کارەکتەر لە ڕێگای تۆرەکانی ئەنتەرنێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر میتۆدی (وەسفیی شیکاری) بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

**نمونەی توێژینەوەکە:** شانۆیی (تروسکایەك لە تەم) بەرهەمی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، بەشی سینەماو شانۆ.

کاستی شانۆگەری (تروسکایەك لە تەم) پێکهاتوە لەمانەی خوارەوە:

نوسینی دەق: پ.ی.د.ژیلوان طاهر باپیر

دەرهێنانی: یوسف یوسفی

**تەوەری یەکەم: چیرۆکی دەقی شانۆیی (تروسکایەك لە تەم):**

ماڵێك دەبێتە شوێنی دروستبونی سەرەتاو کۆتایی ڕوداوەکان، سێ خوشك لەلایەن باوکیانەوە (میران) لەم ماڵە وەك زیندان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، توشی دۆخێکی دەرونی خراپ دەبن و بێ بەش دەبن لە هەمو خۆشیەکی ژیانی دەرەوە، دەزانن دوای مردنی دایکیان، باوکیان دڵ ڕەقانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات. باوك بەدوای حەزو ئارەزوەکانی خۆی دەکەوێت و بڕیاری دوبارە هاوسەرگیری دەداتەوە و بەشداری شەوە سورەکان دەکات، بەڵام ئامادەنییە سەرەتاییترین ماف بدات بە کچەکانی بۆ ئەوەی شو بکەن، هەمو ئەمانە وا لە سێ خوشکەکە دەکات خۆیان لەم ماڵە کەشێکی ئارام و خۆش دروست بکەن و یاری چاو شارکانێ بکەن، تەنها بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە دەرونییە ناتەندروستییە دوربکەونەوەو دنیایەکی خەیاڵی تر بۆخۆیان دروست بکەن کە پڕبێت لە گەشبینی و داهاتوی جوان. لەنێو ئەم ڕوداوانەدا کارەکتەرێك کە ڕۆڵی جادوگەر دەبینێت دێتە نێو ماڵەکە، تێکچونی شیرازەی ئەم خێزانە بە هەل دەزانێت تا بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، بێگومان ئامانجی جادوگەرەکەش وەك خۆی دەڵێت سەردەم سەردەمی پارەو سەروەت و سامان کۆکردنەوەیە، کچەکان فێرە ڕابواردن و چونە دەر دەکەم، باکم نییە چی ڕودەدات، گرنگ من پارەم دەستبکەوێت.

لەسەرەتای نمایشەکە لەگەڵ دەرکەوتنی سێ خوشکەکە و بەرزبونەوەی موزیکێکی خەمناك، وەرگر هەست بەوە دەکات بیرۆکەی دەقەکە بیرۆکەیەکی تراژیدیی و مەرگەساتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە دیمەنەکان بە کۆمیدی نمایش دەکرێن. دواجار باوکەکە ژنی دوەم دێنێتەوە ئەمەش بە هاوکاری ژنە جادوگەرەکە کە هەڵی دەخەڵەتێنێت، بەڵام کاردانەوەی سێ خوشکەکە توند دەبێت و ناهێڵن لە ماڵ لەگەڵ ئەوان بژیت، بۆیە باوکەکە بڕیار دەدات بچێتە ئوتێل، کچەکان گفتوگۆ دەکەن تا بتوانن خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن و بۆشایی باوکیشیان پڕبکەنەوە، لەم کاتەیە ژنە جادوگەرەکە بە کچەکان ڕادەگەینیت کە باوکتان جەڵتە لێیداوەو مردوە، سەرەڕای دڵ ڕەقی و بێ بەزەیی باوکیان، کچەکان دەست دەکەن بە گریان و ڕوبەڕوی جادوگەر دەبنەوەو پۆلیش دەزگیری دەکات، لە دواساتەکانی کۆتایی یەکێك لە کچەکان دەڵێت: پێویستە لێرە بڕۆین تەواو، یەکێکی تریان دەڵێت: ئێرە پڕە لە یادگاری، ئەوەی تریان دەڵێت: لێرە تروسکایەك بەدینایت و پڕە لە تەمومژ.

**تەوەری دوەم: شیکردنەوەیەکی دەرونشیکاری بۆ شێواز و پرۆسەی دەرهێنان و نواندن لە شانۆگەری (تروسکایەك لە تەم):**

دەرهێنەر لەم نمایشە پشتی بەستوە بە ڕێبازی ڕیالیزمی، لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە لەگەڵ دەرکەوتنی سێ کارەکتەرە خوشکەکە لەسەر ستێج و بەرزبونەوەی موزیکێکی خەمناك، وەرگر ڕادەکێشێت بۆ ڕوداوی مەرگەسات بار، لەکاتێکدا دەرهێنەر (یوسف یوسفی) لەنێو نمایشەکە چەند دیمەنێکی کۆمیدی دروستکردوەو نواندنی کۆمیدی دەبینرێت کە ئەمەش شێوازی کارکردنی دەرهێنەر خۆیەتی. کارەکتەری سێ خوشکەکان کارەکتەری تەواو دەرون تێکشکاو ئاڵۆن، واتە لە ڕوی سایکۆلۆژیەوە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی دان، بەتایبەت خوشکە بچوکەکە کە دەشێ زو هەڵبخەڵەتێندرێت و فری و بدرێت هەروەك دواجار لەلایەن ژنە جادوگەرەکە فریو درا بە ناوی بەشودانی و ڕزگار کردنی لەم ماڵە تاریکە. کارەکتەری باوك لەم نمایشە کارەکتەرێکی توندو بێ بەزەیی دەردەکەوێت، کە ئەمەش وادەکات هەست و سۆزی بینەر بجوڵێنێت بەرامبەر ئەو دڵڕەقیەی باب بۆ جگەرگۆشەکانی، کە زۆرترین کات هەڵچون و تورەیی پێوە دیاردەبێت، بۆیە کاتێك بڕیاری

دوبارە هاوسەرگیری دەدات، بێ ئەوەی پرسیار لەخۆی بکات، ئایە لەروی جەستەو دەرونیەوە ئامادەیە ژن بێنێتەوە؟ کە دواجار بەهۆی هاوسەرگیریەوە جەڵتە لێی دەدات و دەمرێت. لێرەدا بەپێی ئەم سەرچاوە زانستیە، تیۆرییە دەرونییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لێکۆڵینەوە لە چەمکی کەسایەتیدا بینیوە و هەوڵی ڕونکردنەوەی سروشتی گەشەکردن و دروستبونیان داوە، کارەکتەر: ئایا سروشتی و زگماکییە یان شتێکە بەدەست هاتوە و ملکەچی هۆکاری دەرەکییە؟ هەرچەندە ئەمانە جیاوازن، بەڵام تیۆرییەکان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی وەک شتێک لە خود، لە سروشت، بەڵام کاتێک دەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی زانستی دادپەروەرانە، ئەوە بە تێکەڵکردنی فاکتەری جەستەیی، کۆمەڵایەتی، فیکری و دەرونی ڕون دەکرێتەوە(الجبوری، 1990، 49). کەوایە ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤایەتیەی باب لەگەڵ ڕۆڵەکانی هۆکاری دەرەکییە کە ژنە جادوگەرەکە هەڵی خەڵەتاندوە، نەوەك هۆکاری زگماکی و سروشتی بن. دەرهێنەر لە ڕوی ڕەهەندی دەرونی کارەکتەرەکانەوە، مامەڵەیەکی هونەری و لێزانانەی کردوە، بەتایبەت ئەگەر سەیری کارەکتەری ژنە جادوگەرەکە بکەین، لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکی لەسەر شانۆ، کاریگەری لەسەر ڕیتمی نمایشەکە و کەشی گشتی نمایشەکە دەبێت، واتە بینەر هەست بەوە دەکات کە ناخی پڕە لە موئامەڕەو فرت وفێڵ، بۆیەش بەشێوەیەکی کۆمیدی دەردەکەوێت، بێگومان ئەمەش قوڵ بونەوەی ئەکتەرە بۆ چونە ناو ڕۆڵەکەی بە باشی. بە گشتی هەرسێك خوشکەکان ڕۆڵبینینیان لەگەڵ هەر دیمەنێکا ئەوا کاریگەریان هەیە لە گۆڕینی ڕیتمی دیمەنە گشتیەکەو بەرزکردنەوەی بونیادی درامی نمایشەکە بۆ لوتکە. ئەوەی لای من جێگەی پرسیارە ئەوەیە؟ ماڵێك بێ دایکە، خوشکەکان لە دۆخێکی دەرونی نا ئارامدان و شیرازەی ئەم ماڵە تێکچوە، کەواتە ئەم دۆخە ئەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر دیکۆری نمایشەکە و ماڵەکە ئاڵۆزو شێواو بێت، بەڵام دەبینین ماڵێکی خاوێن و بچوکترین ئاماژە نابینین؟ ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی کارەکتەرەکان. تەکنیك ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر ڕەهەندی دەرونی کارەکتەر، دەرهێنەر لە بەکارهێنانی ڕوناکی و ڕەنگ وەك پێویست کاری کردوە، هەرچەند نمایشەکە دیوێکی کۆمیدی هەیەو لە کۆمیدیاش ڕوناکی زۆر بەکار نایت، هەروەها لە بەکارهێنانی موزیك و کارتێکەرە دەنگیەکان، دەرهێنەر خستویەتیە خزمەت کارەکتەرەکان، کاتێك یەکێك لە خوشکەکان تەواو بێزارو نارحەت دەبێت لە ژیان و دۆخی ماڵ، پەنا بۆ خۆسوتاندن دەبات، لەم کاتەیە موزیك بەرزدەبێتەوەو دەبێتە موزیکێکی خەبەری، پێت دەڵێت ڕوداوێکی ناخۆش ڕودەدات، بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەر بەباشی مامەڵەی لەگەڵ ڕەهەندی دەرونی کارەکتەرەکان کردوە. لێرەدا دەرهێنەر پێمان دەڵێت، نیشاندان و خستنەڕوی ئازارو کێشەکانی کۆمەڵگە هەرچەند نادیارو فەرامۆشکراو بن، ئەوا دەکرێت شانۆکاران ئازایانە شان بدەنەبەر ئەو بەرەبستانەو بیانخەنە سەر تەختەی شانۆو بینەر خۆی تێدا ببینێتەوە. دەکرێت بۆ پشتراستکردنەوەی قسەکانمان ئەم سەرچاوە زانستیە دەرخەری ڕاستییەکان بێت کە دەڵێت: هەرچەندە هونەرمەند و ئەدیبان، ئەگەر نەیان توانی لە ژیانی واقیعیاندا ئەو لایانە خەفەکراوانەو نەستیانە بێننەدی، ئەوا لە ڕێگەی کارە هونەری و کارە ئەدەبییەکانەوە تێردەکرێن، واتە گۆڕینی وزەی نادیار و کپکراو بۆ وزەی چالاك و دیار، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی نواندن دەبێت (ڕەسوڵ، 2012، 51).

**بەشی چوارەم: ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەو لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: ئەنجام:**

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەون:

1- لە شانۆیی تروسكایەك لە تەم، ڕەهەندی دەرونی كارەكتەری پاڵەوان زۆر شپرزەو پڕ دڵەراوكێیە، كە ململانێكان تیردەكات و ڕەشبینی دەبەخشێت بە كارەكتەرەكانی تر.

2- هەرسێ ئەكتەر (سێ خوشكەكە) لە شانۆیی تروسكایەك لە تەم لەژێر مامەلەكردنی توندوتیژی باوكیان لە حاڵەتێكی دەرونی زۆر خراپ و ترسناك ساتەكانی ژیانیان بەڕێ دەكەن كە بە تەواوی بێ ئومێد دەبن بەرامبەر خۆزگە و هیوا و ئاواتەكانیان.

3- كارەكتەری بەربوك ڕۆڵێكی نەرێنی دەبینێت لە پیلان گێڕان و تێكچونی پەیوەندی نێوان سێ خوشكەكەو باوكەكەیان كە چەندین جار گرژی و ئاڵۆزی لەنێوانیاندا ڕو دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێكچونی باری دەرونیان، كە بەردەوام لە ململانێدان و ئاژاوەی نێوانیان دیمەن دوای دیمەن زیاتر گڕدەگرێت.

4- لەمیانی نمونەی شیكاری توێژینەوەكەدا دەرهێنەر هەوڵی داوە دیوی ناوەوەی كارەكتەرەكان شیبكاتەوە و وەرگر توشی ئاڵۆزی و چاوەڕوانی بكات.

5- تێكچونی ڕەهەندی دەرونی كارەكتەرەكان بەشدارییەكی كاریگەری هەیە لە گۆڕانی ڕیتمی دیمەنەكان و بەرزكردنەوەی بونیادی درامی نمایشەكە بەرەو لوتكە.

6- دەرهێنەر بەشێوەیەكی زانستی و هونەریانە كاری لەسەر بنیاتی كارەكتەرەكان كردوە، بۆ مەبەستی گەیاندنی هێما و ئاماژەكان و پەیامی شانۆیەكە لەژێر فشاری دەرونی ڕوخێنەر.

7- لە شانۆیی (تروسكایەك لە تەم) بینەران لە میانی دیمەنە تراژیدییەكان بە تەواوی هاوسۆزی و هاوخەمی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر ئەو زوڵم و توندو تیژیەی كارەكتەری باوك بەرامبەر سێ كچەكەی ئەنجامی دەدات، چونكە دوای مردنی دایكیان ماڵەكەیان دەبێتە بەندیخانە و ململانێی دەرونی نێوان كارەكتەرەكان، هیچ ئاسۆیەك نامینێت بۆ خولقاندنی ژیانێكی ئاسایی و خۆشگوزەرانی.

8- موزیك و كارتێكەرە دەنگییەكان ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینن لە خولقاندنی كەش و هەوایەكی دەرونی و دراماتیكی.

**دوەم: پێشنیازەكان**

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیانەی خوارەوە دەكەن:

1- كاریگەری تەكنیك و تەكنەلۆجیا لەسەر خولقاندنی كەش و هەوای دەرونی كارەكتەر لە نمایشی شانۆییدا.

2- هێماو ئاماژەكانی ڕەهەندی دەرونی كارەكتەری پاڵەوان لە نمایشی شانۆییدا.

## سێیەم: ڕاسپاردەكان

توێژەران لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕاسپاردەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكەن:

1- پێویستە لە ناوەندە ئەكادیمییە هونەرییەكان، پەیمانگە و كۆلێژی هونەرەجوانەكان وانەیەك بەناوی (سایكۆلۆژی درامی) هەبێت و لەلایەن مامۆستایەكی شارەزا بگوترێتەوە.

2- پێویستە نوسەران و ڕەخنەگرانی بواری شانۆودەرونزانی لەسەر بابەتی (ڕەهەندی دەرونی كارەكتەر) كتێب بنوسن و هەوڵبدەن كتێبە بیانیەكانیش بۆ سەر زمانی كوردی وەربگێڕن..

## سەرچاوەكان:

ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز: 2012: ڕەهەندی دەرونی لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

عیسا، هاوژین صلیوە: 2013: ڕەهەندی دەرونی لە شیعرەكانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

الحنيف، عبداللة عمر: 1238هج :شخصية الزوج في روايات أمل شطا، ط1(كرسي الأدب السعودي، جامعة الملك سعود، الرياض).

الجبوري، محمد محمود: 2015:الشخصية في ضوء علم النفس، بغداد، مطبعة دار الحكمة.
الحكيم، توفيق: 2007: ملامع داخلية، سيرة ذاتية، مدينة نصر- القاهرة- مصر،.
الحمامصي، عثمان:1994: ستانسلافسكي والنظريات المعارضة، الهيئة المصريه العامة للكتاب، القاهرة.
بحراوي، حسن: 2009: بنية الشكل الروائي(الفضاء-الزمن-الشخصية)، المركز الثقافي العربي.
حنا، داود عزيز:1990: علم نفس الشخصية، و:ناطم هاشم العبيدى، بغداد، التعليم العالي.
حسين، صالح قاسم: 1981: الإبداع في الفن، بغداد، دار الرشيد.
رذيل، عدنان بن: 1973: الشخصية والصراع المأساوي دراسة نفسية في طلائع المسرح الشعري، دمشق: مطابع الغباء-الأديب.
شربيط، احمد شربيط: 2015: تطور البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة، دار المصر الادبي.
شلتز، دوان: 1983: نظريات الشخصية، تر: حمدولي الكربولي وعبدالرحمن القيسي، بغداد، جامعة بغداد.
صليبا، جميل: 1982: المحجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت.
علي، الكمالي: 1983: النفس انفعالاتها وأمراصها، بغداد، الدار العربيه.
عبدالخالق، محمد أحمد: 1992: الأبعاد الأساسية للشخصية، دار المعرفة الجامعية ط5، الاسكندرية.
عبدالرحمن، ابراهيم: 1997: الأدب المقارن بين النظرية و التطبيق، القاهرة، مكتبة الشباب باكميرة.
عباس، فيصل: 1998: الشخصية(دراسة حالات المناهيج، التقنيات، الأجراءات) دار الفكر العربي، بيروت، ط1.
عباس، نصر محمد: 2011: فن الدراما المسرحية(رؤية تاريخية نقدية) مكتب الأدب، القاهرة، ط2.
عزت، احمد راجح: 1966: اصول علم النفس، ط6، القاهرة، المكتب المصري الحديث.
عماد، عبدالرحيم: 2004: مدخل إلى علم النفس، و:علي ماح الهنداوي، بابل، الرياصين.
فخري، الدباغ: 1980: العلاج النفسي وأساليبه ودراسه، الموسوعة الصغيرة، بغداد، وزارة الثقافة والإعلام.
فيصل، عباس: 2004: الإنسان المعاصر في التحليل النفسي الفرويدي، بيروت، المنهل.
فرويد، سيجموند: 1969: تفسير الأحلام، تر:مصطفى صفوان، القاهرة، المعارف.
كالفن، هول: 1988: مبادئ علم النفس الفرويدي، تر:دحام الكيال، ط3، بغداد، الرصافي.
هوبر، وينفريد: 2001: مدخل إلى سيكولوجية الشخصية، تر د.مصطفى عثوي، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
هنترميد: 1969: الفلسفة أنواعها و ومثلاتها، تر:فؤاد زكريا، القاهرة دار مصر للطباعة.
ويلسون جلين: 2000: سيكولوجية فنون الأداء، تر:شاكر عبدالحميد, المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداء، الكويت.
عباس، صلاي: 2022: علاقة الممارسة المسرحية بالعلاج النفسي تقنية السيكودراما أنموذجا صامعة الجيلالي لياس، مجلة النص.
الأمير، م.م.ميثم فاضل عبد: 2015: البعد النفسي لشخصيات جبار صبري العطية المسرحية، جامعة بابل، كلية الفنون الجميلة، مجلة نابو للبحوث و الدراسات.
السعو، صابرين: 2016: تعريف الشخصية عند علماء النفس، موضوع أكسير موقع عربي بالعالم، على الساعة 9:17 أوكتوبر.
مصطفى، جلال: 2004: البعد النفسي للشخصية الدرامية في مسرحيات فلاح شاكر1990-2000، رسالة ماجستير، جامعة البصرة.
نجم، هبة عمران: 2020: الأبعاد النفسية للشخصية في نصوص جلال جميل المسرحية، قسم الفنون المسرحية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بابل.

Benjaminjr, L.T, 2023 abrief history of modern psychology (HTML), pag82.
Fierro,c and Arujog s,D.F, 2021.psychology qua psychonalysis in Argentina: some historical origins of a History of the Behavioral sciences, 57(2) pp.149-171 researchg at.net.